هێڵی ئاسمانی عێراقی دەستپێکردنەوەی گەشتەکانی لە نێوان عێراق و ئازەربایجانی ڕاگەیاند

هێڵی ئاسمانی عێراقی سەر بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ئەمڕۆ هەینی دەستپێکردنەوەی گەشتەکانی لە نێوان عێراق و ئازەربایجان ڕاگەیاند.

لەبەیاننامەیەکی وەزارەتدا هاتووە: بە پشتبەستن بە ڕێنماییەکانی وەزیری گواستنەوە ڕەزاق محەبس، بە فراوانکردنی شوێنەکانی گواستنەوەی نیشتمانی، کارگێڕی کەمپانیای گشتی هێڵی ئاسمانی عێراقی دەستپێکردنەوەی کارەکانی ڕادەگەیێنێت لە گەشتە بەرنامە بە داڕێژراوەکانی لە نێوان عێراق و ئازەربایجان، کە لە بەرواری 10ی شوباتی 2024ەوە دەستپێدەکاتەوە.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە : میکانیزمی جێبەجێکردنی گەشتە بەرنامە بە داڕێژراوەکان هەفتەی یەك گەشت دەبێت وەك قۆناغی یەکەم.